# ئەم دەرگایە باس لەمێژووی ئەم شارەدەکات

**ڕزگار ڕانگور**



دەگێڕنەوە کاتێک دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حوکمەتی سلێمانی بوو ، لەیەکێ لەشەوە پەمەیەکاندا ،ووتبووی ئیتر کاتی ئەوە هاتوە دەروازەیەک بۆ گەڕەکەکانی سابون کەران و گاوران و قەزازەکان بکەین و بۆ ئەوەی چیتر ئۆتۆمۆبێل پیا نەڕوات و وەک جێگەیەکی مێژووی بمێنێتەوە ، تائێرە بیرێکی پیرۆزەو زۆر کاری جدی دەوێت ، بەڵام بۆچی کار بۆ ئەمە نەکرا وئەو گەڕەکانە کەوتە بەر شاڵاوی کۆنکرێت کردن وڕوخاندن ؟



هیچ جێگەیەک لەم ئەستێرەیەدا بەقەد کوردستان بێ خاوەن نی یە ، بەڵگەشم بۆ قسەکەم ئەوەیە ، شارێکی وەک سلێمانی تەنها 223 ساڵ تەمەنێتی وئەم دەرگایەی لەوێنەکەدا دەی بینن باس لەمێژووی سەد ساڵی دەکات ، سەد ساڵ لەمەو پێش دەرگایەکی وا لەم شارەدا بەرهەم

هاتوه ، بەلام هەنوکە سەلکە توریک بەرهەم ناهێنریت ، و ئەو جێگەیەش کەباس لەمێژوویەک یان ڕوداویک دەکات ناپارێزرێت، تۆ وەرە سەیری شۆڕشەکانمان کە لەباشوری وولات ،یان ئەو کۆمارەی دوای سالێک جوانەمەرگ کرا ، ئەو هەموو شەڕو پێگەدانە ئەو هەموو بۆردمانەی کراین ، خۆئەگە ر کۆماری ئیسلامی ئێران کەبۆ بەرژەوەندی خۆی وێنەی هەڵەبجەی نەگرتایەو ڕێگەی بەو چەند ڕۆژنامە نوسە بیانیە نەدایە ، ئەوەشمان دەبوایە لەدەمی شاعیرێک یان نوسەرێکەوە ببیستایە ، لەم گەڕەکەدا تەنها ئەم دەرگایە ماوە بەتاقی تەنها ، کۆنترین خانو بۆ پارکەرینی ئۆتۆمۆبێلی علوج دەڕوخێنرێت ، تەنانەت لەو خانوەی ئەم دەرگایەی لێی یە ئۆتۆمۆبێل ڕواوە ،تکایە بەدیقەتەوە لەم وێنانە بڕوانن،،



ئەی سبەی چۆن وەلامی مێژوو بەینەوە ، لێپرسراوان تکایە ئەم دەرگایە بپارێزن  چونکە باس لەمێژووی ئەم شارەدەکات، ئەو وەک ئێمە سپڵەنی یە شار چۆلکات ،من زۆر دەترسم ئەمساڵ نەوت نی یە  لەسەر ئەو دەریای نەوتە  نەبا ئەم دەرگایە لەبنەوە دەرکەن بۆ سوتاندن ئەم دیکۆمێندە بچکۆلانەیەش وەک فایلەکان سەرنەگوم بێت ،،،،،،،،،،،،،،

2006دیسەمبەر